هەرکەسێک دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة- بخوێنێت لە شەودا ئەوا ئەو شەوە پارێزراوە وئەوکارە بەسە بۆی

لە ئەبی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة- بخوێنێت لە شەودا ئەوا ئەو شەوە پارێزراوە وئەوکارە بەسە بۆی».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة- بخوێنێت ئەمە بەسە بۆئەوەی خوای گەورە بیپارێزێت لە هەموو شەڕ وناڕەحەتیەک، سەبارەت بەدەستەواژەی (یکفیه:بەسە بۆی) چەند ڕایەک هاتووە، ووتراوە: واتا شوێنی شەونوێژکردن دەگرێتەوە، ووتراوە: واتا شوێنی هەموو زیکرەکانی تر دەگرێتەوە، ووتراوە: واتا کەمترین بڕە بخوێندرێت لە قورئان لەکاتی شەونوێژدا، وڕای تر ووتراوە، لەوەیە هەموو ئەمانە ڕاست بێت چونکە دەستەواژەکە ئاماژەیان بۆ دەکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6274